فایلی تایبەت بە

# جۆرج لۆکاچ



ئامادەکردنی: ئایدیا



# کرۆنۆلۆژیای سەرەتاکانی ژیان و پێگەیشتنی جۆرج لۆکاچ

• **13ی مارسی (1885):** لەدایکبوونی جۆرج لۆکاچ.

**1902**

• **20ی فێبریوەری:** بڵاوبوونەوەی یەکەم وتاری جۆرج لۆکاچ لە کایەی ڕەخنەی شانۆییدا، ئەویش وتارێک بوو بە ناوی «نانی ڕەحمەت» لە گۆڤاری «وڵاتی هەنگاریا».

• **جولای-ئۆگۆست:** بە مەبەستی گەڕان بەدوای شانۆنووسی هەنگاری (هینریک ئیپسن)دا، گەشتی کرد بۆ ئەسکەندەناڤیا.

• **18ی جولای:** بڵاوبوونەوەی وتارێکی بە ناونیشانی «بەرلین لە جولایدا»، بە هەمان شێوە لە گۆڤاری «وڵاتی هەنگاریا».

• **سێپتەمبەر:** دەستیکرد بە خوێندنی زانکۆ لە کۆلیژی مافی زانکۆی پۆدابێست.

• **نۆڤەمبەر:** لۆکاچ دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارێک دەربارەی ڕەخنەی شانۆیی لە گۆڤاری «سالۆنی هەنگاری».

**1903**

• **25ی جانیوەری:** لۆکاچ لێکۆڵینەوەیەکی لە پاشکۆی گۆڤاری «جیهانی هەنگاریا»دا بڵاوکردەوە دەربارەی شانۆیی (پییر جۆنت).

• **7ی جولای:** بڵاوکردنەوەی وتارێک بە ناونیشانی «هێرمان بەینگ».

• **23ی ئۆگۆست:** بڵاوکردنەوەی وتارێک بە ناونیشانی «هاوبیتمانی نوێ».

**1904**

• **جانیوەری:** دامەزراندنی گروپی «تالیا». لۆکاچ چەندین شانۆیی بۆ شانۆی تالیا دەستنیشانکرد. دوو شانۆیی هەردوو شانۆنووس (کۆرتلاین) و (ئیپسن)ی بۆ ئەو گروپە شانۆییە وەرگێڕا.

• **جولای:** لەگەڵ (بازۆتسی) ماوەیەکیان لە بەرلین بەسەربرد.

• **26ی نۆڤەمبەر:** یەکەم نمایشی گروپی شانۆیی تالیا.

• **ساڵی (1905):** زۆربەی کاتەکان لۆکاچ لە بەرلین گوێبیستی وانەبێژییەکانی (دیلتی) و (زیمیل) دەبوو.

**1906**

• **ئۆگۆست:** لە گۆڤاری «سەدەی بیست»دا وتارێکی بڵاوکردەوە بە

ناونیشانی «چەند ئایدیایەک دەربارەی هێنریک ئیبسن»، هەمان وتار لە گۆڤاری «گروپی زانستە کۆمەڵایەتییەکان»یشدا بلاوکرایەوە.

• **6ی ئۆکتۆبەر:** لە شاری «کۆلۆشڤار» تاقیکردنەوەی دکتۆرای ئەنجامدا، کە تێزەکەی بەم ناونیشانە بوو: «دەوڵەت و زانستە مافناسییەکان لای بۆدیگ شۆملۆ».

• **14ی نۆڤەمبەر:** لە گۆڤاری «چوارشەممە»دا لێکۆڵینەوەیەکی بلاوکردەوە بە ناونیشانی «فۆرمی دراما».

• **پایزی (1906):** لێرە بەدواوە لۆکاچ لە شاری بەرلین نیشتەجێدەبێت. بۆ وانەبێژییەکانی ڕووی لە زانکۆ دەکرد و لەگەڵیشیدا کاری لەسەر بەرهەمەکەی دەکرد دەربارەی درامای مۆدێرن.

**1907**

•**جون:** وتاری «گۆگین» لە گۆڤاری «سەدەی بیست»دا بڵاودەکاتەوە. هەر لەم کاتە بەدواوە وەک نووسەری یاریدەدەر لە وەزارەتی بازرگانی کاردەکات.

• **ئۆکتۆبەر:** کارێکی خۆی دەنێرێت بۆ پێشبڕکێیەکی گۆڤاری «کشڤالۆدی».

• **دیسەمبەر:** لە گۆڤاری «سەدەی بیست»دا لێکۆڵینەوەیەک بڵاودەکاتەوە دەربارەی شیعرەکانی (دیگۆ کۆستلانی).

• **8ی دیسەمبەر:** (سایدلەر ئیرما) دەناسێت لە ماڵی (کارڵ پۆلانی).

• **15ی دیسەمبەر:** کورتە وتارێک بڵاودەکاتەوە دەربارەی (ڕۆدۆڵف کاسنەر) بە ناونیشانی «مۆتیڤ»، لە گۆڤاری «بێسترلۆید»یشدا هەمان وتاری بە زمانی ئەڵمانییش بلاوکردەوە هاوکات لێکۆڵینەوەیەک بە ناونیشانی «جۆن فۆرد» بڵاودەکاتەوە، کە دەربارەی شکسپیر بوو.

**1908**

• **8ی فێبریوەری:** لە مەڕاسیمێکی گروپی «کشڤالۆدی»دا، لۆکاچ خەلاتێکی بەدەستهێنا لەسەر لێکۆڵینەوەکەی بە ناونیشانی «ناسینی ئاراستە سەرەکییەکانی نووسینی شانۆیی لە چارەکی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا».

• **8ی مارس:** لە گۆڤاری «بێستەر لوید»دا چەند بابەتێک بڵاودەکاتەوە بۆ ئاشنابوون بە شانۆ.

• **16ی مارس:** یەکەمین لێکۆڵینەوەی گرنگی لۆکاچ بە ناونیشانی «نۆڤالیس» لە گۆڤاری «خۆرئاوا»دا بڵاودەبێتەوە.

• **26ی ئەپریل:** لە بارەگای گروپی «کشڤالۆدی» کۆڕێک پێشکەش دەکات دەربارەی ئەو کارەی خەلاتەکەی لەسەر وەرگرت.

• **28ی ئایار:** جۆرج لۆکاچ و لیۆ پۆپەر هاوڕێ لەگەڵ ئیرما سایدلەر گەشت دەکەن بۆ فێرزیس.

• **4ی جون:** گەشت دەکەن بۆ ساتیگنازۆ و ڕافنا.

• **10ی جون:** دەگەڕێنەوە بۆ وڵات.

• **28ی جون:** چەند نووسینێک دەربارەی ڕۆدۆڵف کاسنەر بۆ (سایدلەر ئیرما) دەخوێنێتەوە. دواتر ئیرما گەشت دەکات بۆ ناج بانیا.

• **16ی جون:** لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی ڕۆدۆڵف کاسنەر لە گۆڤاری «خۆرئاوا»دا بڵاودەکاتەوە.

• **جولای:** لۆکاچ دەگاتە شاری دریدن.

• **ناوەڕاستی ئۆگۆست:** لۆکاچ لە بەرلین هاوڕێیەتیی لەگەڵ (فرانتز بۆگارتین)دا پەیدادەکات.

• **سێپتەمبەر:** وتارێک دەربارەی چیرۆکەکانی (لایۆش بیرۆ) لە گۆڤاری «سەدەی بیست»دا بڵاودەکاتەوە.

• **1ی ئۆکتۆبەر:** وتارێک لە گۆڤاری «خۆرئاوا»دا بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی (ستیڤ جۆرج). لە هەمان ژمارەی گۆڤارەکەشدا وتارێک دەنووسێت بۆ ناساندنی ڕۆمانەکەی (ئارسەر شینتزلەر) بە ناوی «دێر وینگ ئینزفرای».

• **نۆڤەمبەر:** وتارێک بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی «شاعیرە تازەکانی هەنگاریا»، کە تێیدا بە دیاریکراوی باس لە (ئادی ئاندرە) دەکات.

• **سەرەتاکانی نۆڤەمبەر:** (ئێرما ساندلەر) لە لۆکاچ جیادەبێتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکە دەکات.

• **16ی نۆڤەمبەر:** بابەتێک لە گۆڤاری «خۆرئاوا» ئامادە دەکات بە ناونیشانی «کتێبەکان دەربارەی ئیبسن».




• 18ی **نۆڤەمبەر**: نووسینی وتارەکەی دەربارەی (ڕیچارد پییَر هۆفمان) دوادەخات و لەبری ئەوە «سەرگوزەشتەی شا میداش» دە نو و سێت .

**1909**

• **جانیوەری**: بڵاوبوونەوەی وتارێکی ڕەخنەیی لۆکاچ دەربارەی «چیرۆکەکانی دانییڵ جۆب» لە گۆڤاری «سەدەی بیست»دا.

• 31ی **جانیوەری**: لە بارەگای کۆمەڵەی شکسپیر، سیمینارێک بە ناونیشانی «شکسپیر و درامای هاوچەرخ» سازدەدات.

• **فێبریوەری**: لەگەڵ (بێلا بالاج) لە بەرلین دەبنە هاوڕێ. دواتر گەشت دەکات بۆلای خێزانەکەی لە شاری سیگد، لەوێ خوشکە بچوکەکەی بێلا بالاج دەناسێت بە ناوی (هیلدا).

• 1ی **فێبریوەری**: بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی ڕیچارد هاوفمان لە گۆڤاری «خۆرئاوا»، هەروەها بڵاوبوونەوەی وتارێک لە گۆڤاری «سەدەی بیست» لە یادی شەستساڵەی لەدایکبوونی (ئۆگەست سترنبێرگ).

• 18ی **ئەپریڵ**: بەستنی سیمینارێک لە چوارچێوەی بازنەی «گالیلە»دا، بە ناونیشانی «مەرجە سایکۆلۆژییەکانی کاریگەریی درامیی».

• **30ی ئەپریل**: بەشداردەبێت لە نمایشکردنی شانۆگەریی «سیل بال مارگیت» لە شانۆی نیشتیمانی، کە لە نووسنی (بێلا بالاج) بوو.

• **ئایار**: بڕیاریدا لێکۆڵینەوەکانی کۆبکاتەوە و چاپیان بکات، جارێکی دیکەش چاوێکی خشاندەوە بە نووسینی کتێبەکەی دەربارەی دراما.

• **1ی جون**: بڵاوبوونەوەی وتاری «چەند ئایدیایەک دەربارەی دکتۆر مارگیت» لە گۆڤاری «خۆرئاوا». هەروەها لە وتارێکیشیدا بۆ گۆڤاری «سەدەی بیست»، بە هەمان ناونیشان بابەتێک بۆ ئاشنابوون بە بال مارگیت دەنووسێت.

• **جولای**: لۆکاچ ماوەی چەند هەفتەیەک لە نزیک دەریاچەی ستارنبێرگ لە ئیمەرلاند بەسەردەبات، هاوڕێ لەگەڵ بێلا بالاج و هێڵدای خوشکە بچوکی. هەر لەوێش لیکۆڵینەوەکەی خۆی دەربارەی (ئادی ئاندرە)ی شاعیر دەنووسێت.

• **18ی جولای**: لەژێر ناونیشانی (ژاکیم فۆن براندت) و لە گۆڤاری «هەفتە»دا، ئاشنابوونێک بۆ کۆمیدیای (مۆریتس هایمان) دەنووسێت. تەواوی ئەو مانگە لە بێرن لە سویسرا بەسەردەبات، بە هاوڕێیەتی لیۆ پۆپەر و دەستگیرانەکەی.

• **سێپتەمبەر**: بڵاوکردنەوەی پێشەکییە تیۆرییەکەی کتێبەکەی خۆی دەربارەی دراما لە گۆڤاری «ڕوانگەی پۆدابێست»، بە ناونیشانی فۆرمی دراما.

• **ئۆکتۆبەر**: پاش ئەوەی وتارەکەی دەربارەی «ئادی» لە گۆڤاری «خۆرئاوا» بڵاونەبووەوە، بە دوو بەش لە گۆڤاری «سەدەی بیست»دا بڵاویکردەوە بە ناونیشانی «لیریکی هەنگاریی مۆدیرن». هەر لەم مانگەدا لۆکاچ کۆتاییهێنا بە لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی ستێرنەر و ستۆرم و گیرجارد، لەگەڵ پێشەکییەکەی بۆ ئەم وتارە. هاوکات هەر لەم ماوەیەدا تاقیکردنەوەی دکتۆرا لە زانکۆی پۆدابێست لە لقی زانستە ئەخلاقییەکان ئەنجامدەدات، بە ناونیشانی «دەربارەی پرسی ئیستاتیکا و فیلۆلۆژیای ئەڵمانی و ئینگلیزی».

• **1ی نۆڤەمبەر**: لە گۆڤاری «خۆرئاوا»دا ناساندنێک دەکات بۆ ڕۆمانی «بە گێڕانەوە و شکۆی شا»ی تۆماس مان.

• **دیسەمبەر**: لە گۆڤاری «سەدەی بیست»دا بابەتێک دەنووسێت دەربارە چیرۆکەکانی مۆریس جیگمۆند.

• **ناوەڕاستی دیسەمبەر**: لەگەڵ لیۆ پۆپەر و دەستگیرانەکەی لە بەرلین دەمێننەوە.

**1910**

• **جانیوەری**: بەهۆی نەخۆشیی کتوپڕی باوکییەوە دەگەڕێتەوە بۆ پۆدابێست.

• **16ی جانیوەری**: بەشدار دەبێت لەو گفتوگۆیەی لە بارەگای بازنەی «گالیلە» دەربارەی «هونەری هەشتەم» لەئارادا بوو.

• **27ی جانیوەری**: وتارێک لە ڕۆژنامەی «هەنگاریا» بڵاودەکاتەوە دەربارەی خانمە ڕۆماننووسی هەنگاری مارگیت کافکا.

• **30ی جانیوەری**: لە بارەگای کۆمەڵەی شکسپیر وانەبێژییەک پێشکەش دەکات دەربارەی «هاوچەرخ و شکسپیر».

• **1ی فێبریوەری**: ئەو وانەبێژییەی لە کۆمەڵەی گالیلە پێشکەشیکردبوو، لە گۆڤاری «خۆرئاوا»دا بە ناونیشانی «دووڕیانەکان» چاپ بوو. دواتر لۆکاچ لەگەڵ باوکیدا سەفەر دەکات بۆ ڕیڤێرای فەڕەنسا، نزیک مانتۆن.

• **16ی مارس**: لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی «کیرکەگراد» لە گۆڤاری خۆرئاوا بڵاوکردەوە.

• **23ی مارس**: کتێبەکەی لۆکاچ بە ناونیشانی «ڕۆح و فۆرم» لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی گروپی فرانکلینەوە بڵاوکرایەوە.

• **ناوەڕاستی ئەپریل**: لۆکاچ دەچێتە پاریس و دەستدەکات بە پرۆژەی کتێبە ڕۆمانسییەکەی دەربارەی (شیلینگ).

• **27ی ئەپریل**: لیۆ پۆپەر لە ڕۆژنامەی هەنگاریادا لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کتێبەکەی لۆکاچ بڵاودەکاتەوە.

• **ئایار**: دەرچوونی «کورتەیەک لەسەر تیۆری مێژووی ئەدەب»، بە بۆنەی تێپەڕینی (60 ساڵ) بەسەر لەدایکبوونی ئەلیکسەندەر بێرنات.

• **25ی ئایار**: لە گۆڤاری «ڕێناسانس»دا وتارێک بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی

«شارستانێتیی ئیستاتیکا».

• **29ی ئایار:** (فرانز باوگیرتن) لە گۆڤاری «بێستەرلوید»دا ناساندنێک بۆ کتێبەکەی لۆکاچ دەکات.

• **سەرەتاکانی مانگی جون:** لۆکاچ لە «ڤایمار» بەدوای (ئێرنست پاوڵ)دا دەگەڕێت.

• **7ی جون:** چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی مێژووی ئەدەبیات بڵاودەکاتەوە.

• **جولای:** (ئیما ڕیتۆک) لە گۆڤاری «سەدەی بیست»دا وتارێک دەربارەی بەرهەمە فکرییەکەی لۆکاچ بڵاودەکاتەوە.

• **16ی جولای:** لۆکاچ وتارێک بە ناونیشانی «دەربارەی لایۆش فلۆپ» لە گۆڤاری «خۆرئاوا»دا بڵاودەکاتەوە.

• **25ی جولای:** لە گۆڤاری «ڕێناسانس»دا وتارێک بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی «ئەوانەی لە تۆتاڵیتی دەترسن». هاوکات لۆکاچ کاری لەسەر لێکۆڵینەوەکەی ئێرنست فلۆپ دەکرد.

• **ناوەڕاستی ئۆگۆست:** لەگەڵ لیۆ پۆپەر چەند هەفتەیەک لە گلیگن بەسەردەبەن.

• **سێپتەمبەر:** زۆربەی ڕۆژەکانی ئەم مانگەی لە پۆدابێست بەسەردەبات. هاوکات لە گۆڤاری «سەدەی بیست»دا ناساندنێک بۆ بەرهەمەکانی (شاندۆر هاڤاشی) بڵاودەکاتەوە.

• **15ی سێپتەمبەر:** وتارێک لە گۆڤاری «شانۆ»دا بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی «درامای شیعریی ئینگلیزی».




• **کۆتایی سێپتەمبەر:** سەفەر دەکات بۆ ئیتاڵیا و سەردانی ڕۆما دەکات. هاوکات یارمەتی لایۆش فلۆپ دەدات بۆ ئامادەکردنی گۆڤارێکی فەلسەفی بە ناوی «هزر».

• **10ی ئۆکتۆبەر:** وتارەکەی فلۆپ لە گۆڤاری ڕێناسانسدا بڵاودەبێتەوە.

• **ناوەڕاستی ئۆکتۆبەر:** سەرلەنوێ لۆکاچ لە پۆدابێست نیشتەجێ دەبێتەوە.

• **ئۆکتۆبەر:** لەگەڵ بێلا بالاج لە گۆڤاری ڕێناسانس دووردەکەونەوە.

• **سەرەتاکانی نۆڤەمبەر:** بۆ بەسەربردنی چەند مانگێکی وەرزی زستان سەردانی بەرلین دەکات. لەوێ هەوڵی دۆزینەوەی خانەیەکی بڵاوکردنەوەی ئەڵمانی دەدات بە مەبەستی چاپکردنی کتێبەکانی.

• **1ی نۆڤەمبەر:** لە گۆڤاری خۆرئاوادا لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی (میهای لایۆش) سەبارەت بە بەرهەمێکی فکریی لۆکاچ بڵاودەبێتەوە. هاوکات لە گۆڤاری «لۆگۆس»دا لێکۆڵینەوەکەی لۆکاچ دەربارەی (پاوڵ ئێرنست) بڵاودەبێتەوە.

• **1ی دیسەمبەر:** وەڵامی لۆکاچ بڵاودەبێتەوە بە ناونیشانی «دەربارەی نارۆونییەکی دیاریکراو».

• **18ی دیسەمبەر:** لۆکاچ ناساندنێک بۆ کۆمەڵە شیعرەکەی بیلا بالاج بڵاوکردەوە بە ناوی «کۆچبەرێک گۆرانی دەچڕێت». هاوکات لۆکاچ سەرقاڵی ئامادەکردنی وانەبێژییەکی خۆی بوو دەربارەی شانۆییەکانی کۆتایی تەمەنی شکسپیر،



لەگەڵیدا دەستیکردبوو بە کارکردن لەسەر بابەتی درامای ناتراژیدی.

• **24ی دیسەمبەر:** لۆکاچ (بێلا بالاج، ئیدیس هیوس و ئێرنست بلوخ) دەبینێت لە بەرلین و پێکەوە جەژنی هەستانەوە بەسەردەبەن.

**1911**

• **جانیوەریی:** لۆکاچ (هاری کان)ی سەرۆکی فیلاشن فێرلاگ دەناسێت.

• **2ی فێبریوەری:** لەگەڵ فیلاشن فێرلاگ گرێبەستێک ئیمزا دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە گەورەکەی.

• **4ی فێبریوەری:** کورتە لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی «فلۆپ» لە گۆڤارێکی ئەدەبییدا بڵاودەکاتەوە. دواتر لە ڕێگەی ڤییەناوە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان.

• **2ی مارس:** لێکۆڵینەوە کورتەکەی بە ناونیشانی «پرسەکانی درامای ناتراژیدی» لە گۆڤاری «شاوبۆنە»دا بڵاودەکاتەوە.

• **5ی ئایار:** لە کۆمەڵەی شکسپیر

وانەبێژییەکەی پێشکەش دەکات بە ناونیشانی «میتۆدی شانۆییەکانی کۆتایی تەمەنی شکسپیر».

• **ناوەڕاستی مارس:** ژمارەی یەک لە گۆڤاری «هزر» بڵاودەبێتەوە، کە وتارێکی لۆکاچی لەخۆگرتبوو بە ناونیشانی «میتافیزیکیای تراژیدیا».

• **9ی مارس:** لە ژمارەی دواتردا وتارێک بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی «ڕێگەی هاوبیتمان». هەر لەم مانگەدا لە پۆدابێست چەندین جار لەگەڵ (ئێرما سایدلەر) یەکتر دەبینن.

**سەرەتای ئەپریل:** پۆدابێست جێدەهێڵێت و ماوەی پێنج ڕۆژ لە گریس لای لیۆ پۆپەر دەمێنێتەوە.

• **تا ناوەڕاستی ئەپریل:** هاوڕێ لەگەڵ بێلا بالاچ و ئیدیس هیوس لە فرەنسی دەبن، هەر لەوێشەوە گەشتێک دەکەن بۆ ئاسیسی.

• **15ی ئەپریل:** لۆکاچ بەشدار دەبێت لەو گفتوگۆیانەی دەربارەی «پەروەردەی هونەر لە قوتابخانە» ئەنجامدەدران، قسەکانی لۆکاچ لەو بەشدارییەدا لە گۆڤاری «پەروەردەی میللی»دا بڵاودەبێتەوە.

• **4ی ئایار:** زانکۆی پۆدابێست داواکارییەکەی لۆکاچ «habilitacio» بڵاودەکاتەوە.

• **18ی ئایار:** بڵاوبوونەوەی وتارێکی لۆکاچ دەربارەی (ئێرنست پاوڵ) لە گۆڤاری «شاوبۆنە»دا. دواتر لۆکاچ دەگەڕێتەوە بۆ پۆدابێست و تا ناوەڕاستی سێپتەمبەر لەوێ دەمێنێتەوە.

• **سەرەتاکانی جولای:** پوختەی کتێبی «میتافیزیکیای تراژیدیا» لە گۆڤاری «لۆگۆس»دا بڵاودەکاتەوە.

• **سەرەتاکانی ئۆگەست:** کتێبەکەی تەواودەکات بە ناونیشانی «دەربارەی هەژاریی ڕۆحیی»، هاوکات لۆکاچ وتارێک دەنووسێت و لەنێو ئەو کتێبە سالانەیەدا بڵاودەبێتەوە کە هەریەکە لە (پاوڵ ئێرنست و کارل شڤاینەر) بە هاوبەشی بڵاویاندەکردەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا بەردەوام دەبێت لە کارکردن لە نووسین دەربارەی درامای ناتراژیدی.

• **25ی سێپتەمبەر:** بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کاروباری چاپکردنی کتێبەکەی سەردانی شاری بەرلین دەکات. لەوێوە سەردانی فیزفرای دەکات و ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمینێتەوە.

• **7ی ئۆکتۆبەر:** نووسینێکی لۆکاچ بە ناونیشانی (ڕەسنزیۆ) لە ئەرشیفی فەلسەفەدا بڵاودەبێتەوە.

• **20ی ئۆکتۆبەر:** مردنی لیۆ پۆپەر.

• **کۆتایی نۆڤەمبەر:** چاپی ئەڵمانیی کتێبی «ڕۆح و فۆرم» لە خانەی بلاوکردنەوەی «فلایشڵ فێرلاگ» بڵاودەبێتەوە.

• **3ی دیسەمبەر:** وتارێک بە ناونیشانی «ئینسیمۆس» لە گۆڤاری «لوید پۆستەر»دا بڵاودەکاتەوە.

• **18ی دیسەمبەر:** لۆکاچ وتارێک دەربارەی لیۆ پۆپەر لە گۆڤاری «لوید پۆستەر»دا بڵاودەکاتەوە. هاوکات بەشێکیش لەو وتارە لە گۆڤاری «دی فاکڵ»دا بڵاودەکاتەوە.

• **24ی دیسەمبەر:** بڵاوبوونەوەی وتارێکی لۆکاچ بە ناونیشانی «مەترسی» لە گۆڤاری «لوید پۆستەر».

**1912**

• **جانیوەری:** لۆکاچ هاوڕێ لەگەڵ باوکیدا بۆ گەشتێکی پشوودان ڕوو لە «مینتۆن» دەکەن. پوختەیەک لە نووسینەکەی (باومگارتن) دەربارەی کتێبەکەی لۆکاچ لە گۆڤاری «لۆگۆس»دا بڵاودەبێتەوە. هاوکات لە ژمارە دووی گۆڤاری «هزر»دا نووسینەکەی بە ناونیشانی «دەربارەی هەژاریی ڕۆحی» بڵاودەبێتەوە.

• **دوای مانگی فێبریوەری:** بە گەڕانەوەی بۆ «فرەنسی» بەردەوامیی دەدات بە کارکردنی لە بواری فەلسەفەی هونەردا.

• **ناوەڕاستی فێبریوەری:** لە ڕێگەی گروپی «کیشڤالۆدی»یەوە کتێبی «مێژووی پەرەسەندنی درامای مۆدێرن» بڵاودەکاتەوە.

• **20ی فێبریوەری:** لۆکاچ «ئەرشیفی فەلسەفە» بڵاودەکاتەوە.

• **سەرەتای مارس:** بە گەشتێکی کورت دەگەڕێتەوە بۆ پۆدابێست.

• **ناوەڕاستی ئەپریل:** لە فرەنسی دەبێت بە هاوڕێیەتی (بلوخ و ئیما ڕیتۆک).

• **لەدوای 17ی ئایارەوە:** مانەوەی لە هایدلبێرگ بۆ ماوەی پێنج ساڵ،

ڕووبەڕووی هەندێک دابڕانی بچووکی کردەوە.

- **ئۆگۆست:** بە هاوڕێیەتی دایکی و خوشکە بچووکەکەی لە هۆڵەندا دەبێت، پاشان باومگارتن کۆچ دەکات بۆلای.
- **کۆتایی ئۆگۆست:** کۆچکردنی لۆکاچ بۆ پۆدابێست.
- **5ی سێپتەمبەر:** لە گۆڤاری «فرانکفۆرت» ناساندنێک بۆ «بیندمان» دەکات.
- **لەدوای ناوەڕاستی ئۆکتۆبەرەوە:** جارێکی دیکە لۆکاچ و ئێرنست بلوخ دەچنەوە بۆ هایدڵبێرگ. هاوکات (ماکس ڤێبەر)یش ئاگاداری بەرهەمەکەی لۆکاچ دەبێت بە ناونیشانی «هەژاریی ڕۆحی»، بەردەوامیش دەبێت لە کارکردنی لە فەلسەفەی هونەردا.
- **20ی ئۆکتۆبەر:** لە گۆڤاری «لابارسینۆن»دا لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بەرهەمێکی لۆکاچ بڵاودەکرێتەوە.
- **ناوەڕاستی دیسەمبەر:** لە چوارچێوەی زنجیرەی کتێبخانەی هاوچەرخدا کۆمەڵە وتارێکی لۆکاچ بە ناونیشانی «کولتووری هونەری» بڵاودەبێتەوە.

**1913**

- **جانیوەری:** لە گۆڤاری «ئانۆڤالا»دا چەند بابەتێک بڵاودەبێتەوە وەک دانان بە نووسینەکانی لۆکاچدا، هاوکات قسە لەسەر وەرگێڕانی وتارێکی دەکرێت بۆ فەڕەنسی بەناوی «جۆرجی».
- **16ی فێبریوەری:** وتاری «چەند وتەیەک دەربارەی فۆڕمی دراما» بڵاودەکاتەوە، کە وتارێکی دیالەکتیکیی جۆرج لۆکاچ بوو. پاشان بە گەشتێکی کورت ڕوودەکاتە پاریس.
- **2ی مارس:** لە گۆڤاری «لوید پۆستەر»دا لۆکاچ بابەتێک دەربارەی دراما لای بێلا بالاج بڵاودەکاتەوە.
- **20ی ئەپریڵ:** لۆکاچ بەشداریی لە نمایشی یەکێک لە شانۆگەرییەکانی بێلا بالاج دەکات لە پۆدابێست.
- **ئایار:** لە گۆڤاری «نیو بلیتەر» گفتوگۆیەک دەربارەی «هەژاریی ڕۆحی» لەگەڵ لۆکاچ بە زمانی ئەڵمانی بڵاودەبێتەوە.
- **کۆتایی مانگی جون:** سەردانی باومگارتن و ئۆسی دەکات.
- **مانگی ئۆگۆست:** دوو هەفتەی سەرەتای ئەم مانگە لەگەڵ خوشکە بچوکەکەیدا (بڕۆکچاچ) بەسەردەبات.
- **5ی ئۆگۆست:** بە هاوڕێیەتی بالاج و هاوسەرەکەی لە هاوینەهەوارێکی ئیتاڵی لە نزیک شاری ڕیمی دەمێننەوە.
- **سێپتەمبەر:** پاش سەفەری بێلا بالاج، لۆکاچ لەگەڵ ئیلینای هاوسەری بالاج لە ئیتاڵیا دەمێننەوە و پێکەوە سەردانی ڤینیسیا دەکەن.
- **15ی سێپتەمبەر:** لە گۆڤاری «فرانکفۆرت»دا وتارێک دەربارەی سینەما بڵاودەکاتەوە.
- **ئۆکتۆبەر:** لە هەفتەی دووەمی ئۆکتۆبەردا دەبێتە میوانی خێزانەکەی بێلا بالاج، لەو دەمەی دوو هەفتە لە ڕۆما بەسەردەبات لەگەڵ ماکس ڤێبەر و هاوسەرەکەی.
- **16ی ئۆکتۆبەر:** لۆکاچ لە گۆڤاری «خۆرئاوا»دا ناساندنێک بۆ شانۆگەرییەکەی بێلا بالاج بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی «دوایین ڕۆژ».
- **سەرەتای نۆڤەمبەر:** دەستنووس و پلانە بنەڕەتییەکانی خۆی جێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە پۆدابێست.
- **ناوەڕاستی نۆڤەمبەر:** هاوڕێ و خزمەکانی ئاگاداردەکاتەوە کە خوازیاری دەستگیراندارییە لەگەڵ ئیلینا.
- **ناوەڕاستی دیسەمبەر:** ئیلینا سەردانی لۆکاچ دەکات لە هایدلبێرگ.

**1914**

- **جانیوەری:** لۆکاچ چاوی بە دایک و باوکی دەکەوێت لە ڤییەنا و دەستگیرانەکەیان پێدەناسێنێت.
- **مارس:** لەگەڵ ئیلینا کۆچ دەکات بۆ پاریس.
- **ئەپریڵ:** بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەسەر فەلسەفەی هونەر و سێ بەرگ لەو بەرهەمەی تەواودەکات.
- **جولای:** بەرگی دووەمی لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی سۆسیۆلۆژیای دراما بڵاودەکاتەوە. هاوکات لۆکاچ دەکەوێتە مشتومڕەوە لەگەڵ (ئەلفرێد ڤێبەر) پاش ئەوەی لە چوارچێوەی زنجیرەی سۆسیۆلۆژیای کولتووریدا کتێبێک بە

ناوی «ئەرشیف» بڵاودەکاتەوە، داوا لە (مانهایم کارۆی)ش دەکات دەست بە وەرگێرانی بکات.

• **جولای**: ئیلینا گەشتێک دەکات بۆ ڕوسیا و سەردانی خێزانەکەی دەکاتەوە، لە کۆتایی هاوینیشدا لۆکاچ هەر لە ڕوسیا دەیبینێتەوە.

• **1ی ئۆگۆست**: هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم.

**1915**

• **فێبریوەری**: بە ئیمزای (کارڵ یاسپەر) لۆکاچ لە خزمەتی سەربازیی دەبەخشرێت. هاوکات (بێلا زیلای) دەبێتە قوربانیی تاعونێکی گوێزراوە لە دەمی دلییدا.

• **مارس**: لۆکاچ لە گۆڤاری «ئەرشیف»دا خوێندنەوەیەک بۆ کتێبێکی (هانس ستاندینگەر) و پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی و کولتووریی و ئامرازە بەکارهێنراوەکانی دەکات. هاوکات لۆکاچ دەست لە کتێبی فەلسەفەی هونەر هەڵدەگرێت و دەستدەکات بە نووسینی کتێبێک لەسەر دۆستۆیڤسکی.

• **ئایار**: لە گۆڤاری «ئەرشیف»دا نووسینێکی لۆکاچ بڵاودەبێتەوە دەربارەی بەشی یەکەمی بەرهەمەکانی (سۆلۆڤیۆڤ).

• **جون**: لۆکاچ گەشت دەکات بۆ پۆدابێست. جارێکی دیکە بانگیدەکەنەوە بۆ خزمەتی سەربازی. بەڵام تەنها دوای دوو مانگ جارێکی دیکە دەبەخشرێتەوە. هاوکات وتارێک بە ناونیشانی «واتای ئەڵمانی و جەنگ» بۆ گۆڤاری ئەرشیف دەنووسێت.

• **کۆتایی سێپتەمبەر**: بە مەبەستی خزمەتی سەربازی ڕوودەکاتەوە پۆدابێست. هاوکات لە گۆڤاری ئەرشیفدا بابەتێک بڵاودەکاتەوە سەبارەت بە تیۆری نووسینی مێژوویی، هەروەها نووسینێکیش دەربارەی کتێبەکەی (ماری لویس گۆتین) سەبارەت بە هونەری باخچەکان بڵاودەکاتەوە. لە پۆدابێست زنجیرە دانیشتنی یەکشەممان دەربارەی لۆکاچ و بێلا بالاج دەبەسترێت. ئیدی هەموو یەکشەممەیەک لە ماڵەکەی خۆیدا چاوی بە بالاج دەکەوێت.

• **دیسەمبەر**: لۆکاچ هەوڵدەدات بە هاوکاریی ماکس ڤێبەر بەرگی یەکەم و دووەمی کتێبەکەی خۆی دەربارەی دۆستۆیڤسکی بە ناونیشانی «ئیستاتیکای ڕۆمان» بڵاوبکاتەوە.

**1916**

•**کۆتاییەکانی جون**: لۆکاچ لە خزمەتی سەربازی و دەوڵەتیی دەبەخشرێت و دەگەڕێتەوە بۆ هایدلبێرگ و لەوێ بەردەوامیی دەدات بە کارەکەی خۆی دەربارەی نووسینی ئیستاتیکا.

• **ناوەراستی ئۆکتۆبەر**: «تیۆری ڕۆمان» لە گۆڤاری «جوانی و هونەر»دا بڵاودەکاتەوە.

• **1ی دیسەمبەر**: لێکۆڵینەوەی خۆی دەربارەی کۆمەڵە شیعرێکی بێلا بالاج لە گۆڤاری «خۆرئاوا»دا بڵاودەکاتەوە.

**1917**

• **جانیوەری**: لە کۆربەندی کۆمەڵایەتی وانەبێژییەک دەربارەی جوانی پێشکەشدەکات. لە گۆڤاری «ئەرشیف»یشدا نووسینێک بڵاودەکاتەوە سەبارەت بە بەرگی دووەمی بەرهەمەکانی سۆلۆڤیۆن.

• **31ی مارس**: لەسەر داوای کۆڕی یەکشەممە، لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی باومگارتن لە گۆڤاری «فرانکفۆرت»دا بڵاودەکاتەوە.

• **ئەپریل**: لە قوتابخانەی ئازادیی زانستە هزرییەکان لە پۆدابێست وانەبێژییەک پێشکەش دەکات.

• **حوزەیران**: لە گۆڤاری «لۆگۆس»دا یەکێک لە بەشەکانی کتێبی ئیستاتیکا بە ناونیشانی «پەیوەندیی نێوان سوبێکت و ئوبێکت لە ئیستاتیکادا» بڵاودەکاتەوە.

• **16ی ئۆگۆست**: لە گۆڤاری «خۆرئاوا»دا لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕۆجێ ڤۆرگاچ بڵاودەکاتەوە.

• **سێپتەمبەر**: بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان و لەوێ نووسین و تێزەکانی دەربارەی ئیستاتیکا تەواوبکات.

• **7ی نۆڤەمبەر**: لە بانکی هایدلبێرگ ئەڵمانیا سندوقێکی نامە بە ناوی (جۆرج ڤۆن لۆکاچ)ـەوە دادەنرێت.